
ئاڵەکۆک
ویژه نامه ـ ماهنامه مهاباد
۱۳۸۵ی هەتاوی(۱۷)




خاوەن ئیمتیاز و مودیر مەسئوول: ئەحمەد بەحری

دەستەی نووسەران: فەرمیدوون حەکیمزادە

ئەمین کەریمکلانی

بەدرەددین سالّح

ئەرلحی پووپەرک: شیوەن حەسەن پوور

تایپ و ڕازاندنەوە:

سروە بەحری

بەشی مالّی: لوقمان زەهرەوی

تلفکس: ٠٠٩٨_٤٤٢_٢٢٢١٤٣٥

مۆبایل: ٠٩١٤٤٤٢١٢٠٨

E.mail: alakoki_ mag @ yahoo.com

www. alekok.blogfa.com

مهاباد ـ مجلە ئاڵەکۆک صندوق پستی ۴۵۷

شمارە حساب: بانک رفاه شعبە صلاح الدین جاری ۱۶۹۰۶۴

وێنەی ڕووجلد: نارین ئەمین پوور ـ بانە



## سرووودی منداڵێک

کاوە عیزەتخا ـ سڵامەت

مـنـداڵـێـکـم کـۆرپەی ژێـر
زیـت و وریـــا و ڕۆشـنـبـیـر
لـــە ژێر ئـــاسـمانی شـیـنا
بـــە ســـەرزەوی ڕەنـگـیـنـا
دەبـیـنـم خـــەونــی ڕەنگین
هی سەرزەوی ســەوز و شیــن
گـولـــاڵـــە و گـیــا دەچـێـنم
ســرووودی ژیـــن دەخـوێـنـم
تـــەژی ئـــەوینـــە ژیـــنـم
ســـامـاڵـــە خـــەو بیبـیـنـم
گـــەرووم پـــڕە لـــە وشـــە
وشـــەی جـــوان و بەنــەشـە
مـێـشـکـم کــانـی زانـسـتـە
دڵـــم ڕووبـــاری هـــەسـتـە
لێـوم گـولـــاڵـــەی ســـوورە
چـــاوم ئـــاسـۆگـی نـوورە

## منداڵ

ئەحمەد حەقناس ـ بۆکان

لـــە ناو ژیــــنـــا جـوانـم
بـــزەی شــادی لــیـوانـم
وەک خونچەی سەر چڵانم
هــۆی بۆنخۆشـی دڵانـم
زیــرەکی قــوتــابــخانــەم
بــێ باکی ئــەم جـیـهــانـەم
ولـات بــۆ مــن شـیـریـنـە
هــیوا و ئـــاواتــی ژیـنـە
ئــاخۆ ئەو ڕۆژە کــەی دێ؟
ولـات پــڕ لــە شــادی بــێ
مــنـداڵـی کـوردەواریـم
عــاشـقی خـوێـنـدەواریـم





ساڵی دووەم، ژمارە ١٧، ١٣٨٥



ئاڵەکۆک

هەواڵنامەی کتێب




# چەتەی دەریایی

ئیحسان زوودی ـ مەهاباد



لە ڕۆژگارانی ڕابردوو کاپیتانێکی ناجسن بە ناوی کاپیتان جان. چەتەیەکی دەریایی بوو و خۆشی لە کاپیتان تام نەدەهات. کاپیتان تام پیاوێکی زانا بوو و ڕقی لە چەتەی دەریایی بوو. سەرکردەی چەتەکانیانی کاپیتان جان زۆر بەهێز بوو و کاپیتان تام زۆر جاران لە دەستی شکستی خواردبوو. کاپیتان جان بە دوای گەنجینەوە بوو. ئەو بۆ وەدەستهێنانی گەنج زۆر تێکۆشا و ڕۆژێک نەخشەی گەنج وەدەست ژێر دەستەکانی کەوت. کاپیتان جان بۆ وەی کە دەستی بگاتە گەنجەکە، دەبا لە سنوور دەرباز بووبا. بەڵام تاقم و دەستەی کاپیتان ڕێگایان پێنەدەدان. ئەو بۆوەی لە سنوور دەرباز بێ ناعیلاج بوو دەگەڵ کاپیتان تام بەشەڕ بێ. ئەوان توانیان داروودەستەی کاپیتان تام شکست بدەن. کاپیتان تام هەڕەشەی کرد دەستیان لەکۆڵ ناکاتەوە. ئەوان لە سنوور دەرباز بوون و تێکۆشان کە گەنجەکە بدۆزنەوە. ئەوان گەنجەکەیان لە ژێر دارە خورمایەک دۆزییەوە کاپیتان تام و دەستەکەی گەیشتنە سەریان و شەڕ ساز بوو و ئەمجار کاپیتان تام توانی ئەوان شکست بدا و کاپیتان جان بە دیل بگرێ. لە بەندیخانەدا بوو. شەوێک داروودەستەکەی کاپیتان جان ئەویان لە بەند ڕزگار کرد هەڵبەت بە جۆرێک کە کەس پێنەزانێ. بەڵام کاپیتان پێی زانی و هەمووانی بەگشتی بە دیل گرت و هەروەها کەشتییەکەیان گەڕا و گەنجەکەی دۆزییەوە و لە مووزەی دانا و ئەوان بە سزای کردەوەی خراپی خۆیان گەیشتن.



ڕێگەیەک بدۆزەوە کە
لەدەست ئەو دایناسۆرە
ڕزگار بی






هەواڵنامەی کتێب




# کۆلاره

خاڵه‌ند ئه‌حمه‌دی ـ ڕه‌حیم خان

با دێ، با دێ، کۆلاره‌که‌م
به‌هێزی با، هه‌وا ده‌خه‌م
له کاغه‌زه و سووکه وه‌ک کا
هه‌لده‌سووڕێ به‌ ئه‌مری با
وه‌ک تووک ئه‌ملا و ئه‌ولا ده‌کا
توزی به‌نی بۆ شل ده‌که‌م
ئه‌وانی دی وه‌دوا ده‌خه‌م
کۆلاره‌که‌م ده‌ڕواته‌ بان
تاکوو داگیر ده‌کا ئاسمان
جوانه ده‌لێی باڵنده‌یه
کۆلاره‌که‌م به‌رنده‌یه
ئێستا کاتی ئێواره‌یه
کایه و به‌زمی کۆلاره‌یه



کێهه ئی کێهه‌یه؟








هه‌واڵنامه‌ی کتێب






# یەکگرتنی میوەکان

ڕزگار عەلیخا ـ بۆکان



هەبوو نەبوو، لە ژوورێکی گەورەدا، لەسەر کورسییەکی جوان و ڕازاوە قەرتالەیەکی پڕ لە میوە داندرابوو. پرتەقال و هەرمێ و هەنار و سێو و... پێکەوە ژیانێکی خۆشیان هەبوو. پێکەوە قسەیان دەکرد و پێدەکەنین. میوەکان بە ئازادی ژیانیان ڕادەبوارد. کەس نەبوو ئازاریان بدا و زوڵمیان لێبکا. ڕۆژێک سەرلەبەیانی سێو بە میوەکانی دیکەی گوت: ئێمە هەروا بخۆین و بخەوین نابێ و وا چاکە کارێک بکەین. ڕۆژێک هەموویان پێکەوە چوونە دەرێ بۆ دۆزینەوەی کار بەڵام لەپڕ سێو لاقی لەسەر شتێکی نەرم دانا، کە تەماشایان کرد کرمێکی چکۆلە بوو. هەموو هەڵاتنەوە نێو قەرتاڵەکە و خۆیان مات کرد. گوتیان بێتوو کرمەکان بزانن دێن دەمانخۆن. نیوەشەو سێو گوێی لە تەقەی دەرگاکە بوو. هاورێکانی لە خەو هەستاند و چاویان لێکرد کرمەکان هاتبوون. دەیانویست بە مێزەکەدا سەرکەون. میوەکان بڕیاریان دا، پێکەوە بن و پشتی یەک بەرنەدەن و بە یارمەتی یەکتر ئەو کرمانە لەنێو بەرن. پێکەوە هێرشیان کردە سەر کرمەکان و هەڵیانبڕین. سێو گوتی: ئەگەر هەر کاممان بە تەنیا بوایەین دەرەقەتیان نەدەهاتین و بە تەنیایی هیچ کارێک ناکرێ. دەیانخواردین.

میوەکان دەستی یەکیان گرت و بڕیاریان دا هەمیشە پێکەوە بن و لە کاتی مەترسی دا یارمەتی یەکتر بدەن.







# ڕۆژی خاوێنی وڵات

شیلان گەیلانی ـ سنە

ئێمە کە ڕۆڵەی کوردین / بە توانا و دەست و بردین
لە بۆ خاوێنی وڵات / با تێکۆشین هەموو کات
ڕۆژی خاوێنی وڵات / لەگەڵ شەونمی سەڵات
کۆ کەینەوە زبڵەکان / بیخەینە نێو زبڵدان
لە کۆڵان و خیابان / زبڵ نەیەڵین منداڵان



١ـ سوورەتی ٢ـ زەرد ٣ـ نارنجی ٤ـ کەسک ٥ـ بنەوش ٦ـ خۆڵەمێشی ٧ـ شین



هەواڵنامەی کتێب




# کەوەکانی خەبات

مەنووچێهری پۆردڵ ـ مەهاباد

خەبات منداڵێکی پەلەوەردۆست بوو. باوکی کەوێکی کێوی بۆ گرتبوو یەکتریان زۆر خۆش دەویست و خەبات هیچ کات دەرکی قەفەسەکەس دانەدەخست تا ئەوەیکە ڕۆژێک بەری بەیانی کەوتە بەر هێرشی پشیلە بۆرێک کە لەو گەڕەکە دەژیا و خواردی.

خەبات لەو ڕووداوە زۆر نارەحەت بوو، وە هەر لە فکردا بوو باوکیشی بۆ وەی، بزە بێنێتەوە سەر لێوی، چوو کەوێکی گەورە و جوانی بۆ کڕی کە بەداخەوە ئەویشی کەوتە بەر دەستی پشیلە بۆرە و خواردی. بەڵام ئەمجار باوکی چوو لای دراوسێکەیان کە کەوێکی زۆری هەبوو، جووتێکی بۆ وەرگرت کە پاش ماوەیەک ئاگاداری لەوان چوار هێلکەیان کرد کە پاش تێپەڕ بوونی۲۱ ڕۆژ بوونە جووچکە و پشیلە بۆریش هەر دەهات و ددانی بۆ تیژ دەکردن کە بیانگرێ و بیان خوا کە بەداخەوە باوکیان کەوتە ژێر دەستی پشیلە بۆر و ئەویشی لێ خواردن. باوکی خەبات زۆری ڕق لە پشیلە بۆرە هەستا بوو، چوونکینە سێ هەمین کەویشی لێ خواردبوون هەر بۆیە پیلانێکیان بۆ دارشت و بە داویانەوە کرد. باوکی خەبات لەپیشدا ویستی بیکووژی بەڵام خەبات نەیهێشت و داوای لێ کرد کە لە (تەلیسێکی) بخات و بۆ جێگایەکی دووری بنێرێ کە نەتوانێ بێتەوە. ئەو گەڕەکەی وان. کە هەر ئەو کارە بوو بە هۆی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بوونی کەوەکانی. خەبات کە پاش ماوەیەکی زۆر خەبات کاتێ چوو بۆ قوتابخانە لەگەڵ باوکی بۆوەیکە سرووشت برازێننەوە هەموویانیان بردووە لە دوور لە ئاوایی ئازادیان کردن.









هەواڵنامەی کتێب





## جەدوەل




١ـ پێنج و پێنج دەبێتە.........
٢ـ کاغەزی لێ ساز دەکرێ
٣ـ ناوی گیاندارێکە
٤ـ هاوینان پێوە دەدا
٥ـ ئاوی پێ دەخۆنەوە
٦ـ گیاندارێکە زۆر هەنگوینی دەخوا

ڕزگار نامەکەتمان
بە دەست گەیشت،
تۆ بەرەندەی ئەم
ژمارەیە بووی.

١- هاوین ٢- هەنگوین
٣- عەرەب ٤- سنە ٥- کوولەکە زێڕینە
ڕزگار عەباسخا ١٠ ساڵە (بۆکان)



ساڵی دووەم، ژمارە ١٧ . ١٣٨٥



هەواڵنامەی کتێب



## تفەنگ

سولێمان سیابەخت

تـفـەنگـی بـوو، تفـەنگی بوو
تـەقـەی دەکـردن یـەک و دوو

بـۆ تەقـە وەک سـەگی دڕ بوو
ئەوەندەی تەقە کرد شـڕ بـوو

پـیـرێژنێـک بە تـوورەکـەی
بردییەوە بـۆ تـەنـدوورەکەی

گوتی: ئێستا تـەقەی دەکـەی؟
تەقەش نەکەی، تەقەی دەکەی!

## مەدرەسە

سەید قادر هیدایەتی ـ بۆکان

مەد و مـەد و مـەدرەسـە
کـاتی دەرسە خەو بەسە
درە و درە و درەنـــگـــە
دەنگی دەرهات ئەو زەنگە
کـل و کـل و کـلاسـە
بـخـوێنـەوە و بناسـە
خـێر و خـێر و خـێرا بن
گـورج و گـۆڵ و ئـازا بن
نەس و نـەس نەسرەوتن
دنیا هـەموو پێشـکەوتن
مـەرد و مـەرد و مەردانە
خوێندن چـارەی دەردانە

**جیاوازی نێوان ئەو دوو وێنەیە بدۆزەوە**







هەواڵنامەی کتێب



## زوو هەستان

ناسر مەعرووفی ـ مەهاباد

مـن خـوێندکـارێکی کـوردم
بـەهـۆش و دەسـتوبـردم
بـــڕیـار دەدەم لـەمەودوا
هـــەموو کات و تـا هـەتـا
زوو بنـووم و زوو هەسـتم
وەدی بـێـنـم مـەبـەسـتم
زۆر نوسـتـوو، خـەواڵـوویە
بـێهێـز و ڕەنـگ و ڕوویـە
شـەپ و شـۆڕ و شـێـواوە
هـــەمـیـشـە داهـێـزراوە
زوو هەسـتـان و زوو خـەوتن
پـێـویستە بۆ نەسـرەوتـن
خـەواڵـوو کورتـە، دەستـی
بـــێبـەشە لە سەربەسـتی



## شوان و بۆقەکە

خەدیجە سەیدا

شوان کە تەمەنی پێنج ساڵان بوو، ڕۆژێک لەگەڵ دایکی و باوک و خوشک دەچن بـۆ گەشـت و سەیران. شەوان کە زۆری گیانلەبەر و شتی واخۆش دەویست لە قـەراغ جۆگەلەیـەک بۆقـێکی دی. چووە پێشێ و لە پەنای بۆقەکە دانیشت و گوتی: ـ سڵاو بۆقە جوانەکە ئـەمن نـاوم شـوانە، دێـی پێکەوە کایە بکەین. بە تەنیا نازانم چ بکەم!

زۆری قسە لەگەڵ بۆقەکە کرد بەڵام بۆقە هیچ وەڵامێکی نەداوە. هەروا گـووپی هەڵدماسـاند و دەیپووچاندەوە و دەیقیڕاند، شوان گوتی: ـ ئەها، دەزانم بـۆ کایـەم لەگـەڵ ناکـەی؟ چـونکە مـن چاویلکەم لە چاودایە و تۆ نیتە. هەر ئێستا دەچم چاویلکەت بۆ دێنم. باشە! شوان بە هەڵاتن چـوو لەنێو کیفی خوشکی‌دا چاویلکەکەی دەرهێنا و بردی بـۆ بۆقەکـە.بـەڵام بۆقەکـە لـەوێ نـەمابوو. تەماشای نێو ئاوەکەی کرد بۆقەکە لەسەر ئاوەکە بوو. شوان چاویلکەکەی بۆ فڕێدا و گوتی: هانێ، ئەوەش بۆ تۆ. ئەجارە وەرە با کایە بکەین. بۆقەکە هەڵاتە بـن ئاوەکـەوە و چـاویلکەکەش لـەبن ئاوەکەدا ون بوو. دایکی شوان هەرای لێکرد بچێ نانەکەی نیوەڕۆی بخـوا. ئـێوارە کـە ڕۆیـشتەوە خوشکی شوان هەر چەندە لە چاویلکەکەی گەڕا نەیدۆزییەوە. شوان گوتی: ـ من بردم بۆ بۆقی نـێو گۆلاوەکە تاکوو کایەم لەگەڵ بکا. بەڵام کەوتە بن ئاوەکەوە و کایەشی لەگەڵ نەکردم.

دایکی و باوکی گوتیان: ـ شوانە گیان خۆ بۆق چاویلکەی ناوێ و ناشزانێ کایەت لەگەڵ بکا.

شوان قەولی دا کە ئیتر بەبێ ئیزن وەرگرتن دەست لە شتی کەس نـەدا و داوای لـە خوشکیـشی کرد بیبەخشێ.



هەواڵنامەی کتێب

# هیوا لە چی بێزارە؟

سەلاح نیساری ـ بۆکان

کاتێک هیوا لە نووسینەوەی وانەکانی تەواو بوو، گڵۆپی وەتاغەکەی خۆی کوژاندەوە. چووە هاڵەکە، بابی سەرقاڵی تەماشا کردنی فیلمی ئاژەڵەکان بوو. ئەویش چوو دانیشت و پالی لێداوە ولە تەلەفزیونەکە ڕاما. سوجەمارێک خۆی لە مشکێکی بۆر مات دابوو.


مێرووله خۆرێک خەریکی چنینەوەی مێرووله سوورە بوو، دەنک دەنک دەیخواردن. لەق لەقێک لە قەراخی زەلکاوەکە بۆقێکی بە دەندووکەوە بوو.

تاژ پڵینگێک دمم لەسەر پشت کەوتبوو سەر بێچووە ئاسکێک، بە تاو دەیهێنا و دەیبرد. قشقەڕەیەک لەولاوە خەریکی ڕاوە کوللە بوو.

هیوا بە پەلە خۆی خستە پەنا بابی گوتی: بابە تۆ دەڵێی تاژپڵێنگ دەتوانی بەچکە ئاسک بگرێ؟ بابی لە وڵام دا، گوتی: هیوا گیان هەر ئێستا ڕاوی دەکا و دەیخوات.

هیوا نیگەرانی ئاسکە چکۆلە بوو. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: چەند گوناحە، ئەو زلەیە چۆن ئەو بەچکەیە ڕاو دەکا! بابی دەستێکی بە سەر هیوا داهێنا و گوتی:

کوڕی خۆم لەو دنیایەدا گەورەکان هەمیشە ئەوانی چووکەتریان قوت داوە تۆش بۆ ئەوەی قووتت نەدەن زوو گەورە بە، با نەتخۆن و قووتت نەدەن.






هەواڵنامەی کتێب



## شەڕ

عەبدوڕڕەحمان فەهیمی


مـنـدالـّـەکان شـەڕ پیسە
شـەڕ کـردەوەی ئیبلیـسە
شەڕ خەڵاتی شـەیـتانـە
دەسکـەوتی شـەڕ گریانـە
شـەڕ مـاڵ وێـرانی دێـنێ
گوند و شار دەڕووخـێـنێ
ئاکامی شـەڕ کـوشـتـنـە
شـیــوەن و خوێـن ڕشتنە
کـێ گوللە و تـفەنگ داوێ
ئەوە خەڵـکی خۆش نـاوێ
هەرکەس شـەڕی پێخۆشە
کوورەی نەوسی لـە جۆشە
مـرۆڤـی چـاک شەڕ ناکا
خۆی پەست و بەدفەڕ ناکا
وتـە و کـردەوەی چـاکـە
بـەرهـەمـی بـیری پاکە
هـەر کەسـێ شەڕ فرۆشـە
چرای عەقـڵـی خامـۆشـە

کام سێبەر
وڵامی درووستە؟

## بەرخەکەم

تریفە بۆکانی ـ هەولێر

بـەرخە نـەرمـو نـۆڵەکەم
بەرخە سـپی و سۆڵـەکـەم
دەتبەم بۆ دەشـت و گـوڵزار
بـۆ لای کـانـی سـازگـار
شمشـاڵت بـۆ لـێـدەدەم
تۆش هـەڵپەڕە بـەرخەکەم
هەموو ڕۆژێ جوان دەتشۆم
با بـدرەوشێی وەکوو مـۆم
ئـاگـاداریـت لـێدەکـەم
گـورگ نەتخوا بـەرخـەکەم
بـەرخـە خـنجـیلانـەکەم
بـەرخە سـپی و جوانەکـەم
هـاوڕێمی تـاکـوو مـاوی
جـوانـی وەکـوو مـراوی






هەواڵنامەی کتێب




# شارۆچکەیەکی ئاسمانی

ئیحسان زوودی ـ ١١ ساڵە ـ مەهاباد
وەرگێڕ: سوغرا ڕەزگەیی

لە وڵاتێکی دوور، کوڕێکی مێرمنداڵ بە ناوی دلێر ژیانی دەبردە سەر. دلێر کوڕێکی زیت و وشیار بوو و دێهەویست ئەو شتانەی لە ئاسمان و زەوی دا هەن بیانبینێ.
ئەو شەوانە کاتی خەوتن، ئەستێرەکانی چاو لێدەکرد و هۆگرییەکی زۆری بە ئەستێرەکان و ئاسمان هەبوو.
ڕۆژێکی بیری کردەوە بۆچی کەرەسەکان لەسەر زەوی بەرز نابنەوە. لە بەر خۆیەوە بیری دەکردەوە کە چلۆن مرۆڤەکان دەتوانن بە سەر زەویدا بڕۆن. دلێر ئەو ڕۆژە هەر بیری لێ‌کردەوە. شەوێ کە خەوی لێکەوت، خەونی دیت کە لە تەک دایک و بابی چۆتە ئاسمان. کاتێ گەیشتنە ئاسمان نەیدەتوانی ڕاوەستێ. بەیانی کە وەخەبەر هات، بیری دەکردەوە بۆ لەسەر زەوی دەتوانین ڕاوەستین بەڵام لە ئاسماندا ناتوانین؟ تێکۆشا تا وەڵامەکەی بدۆزێتەوە. دلێر لە پاش ئەو هەموو تێکۆشانە بەو ئاکامە گەیشت کە زەوی کێشی (جازبە) هەیە، بەڵام لە ئاسماندا هیچ کێشک وجوودی نییە.

**ئەو وێنەیە هەر جۆرێک پێت جوانە ڕەنگی بکە**





ساڵی دووەم، ژمارە ١٧، ١٣٨٥



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب





شاهۆ ئاشناگەر
کوڕی چاک.مەهاباد

**گەر منداڵێ بە ترس و خۆفەوە ژیابێ**

**ترسنۆك بار دێ.**

اگر کودکی با ترس زندگی کند

می‌آموزد که بهراسد.

**If a child grows up with anxiety,**
**he will learn to be coward.**



کیمیا بەرخانە ـ مەهاباد